گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(3).Paper26
ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 02/02/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 03/06/2025
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/06/2025

# كاریگەری پاشماوە ڕەقەكان لەسەر گەشتوگوزار لە قەزای دوكان

فواد خالد سعید[١] - هێمن عبدالله وەستا احمد[٢]

hemn.ahmed@spu.edu.iq - fuad.said@unovsul.edu.iq

بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.

پەیمانگای تەكنیكی دوكان، زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە**

پاشماوە ڕەقەكانی شارەكان جێگەی بایەخی دەستەی كارگێڕی ئیدارییەكانی ناوچەكانی دانیشتوانن، ئالیەتی كۆكردنەوە و گواستنەوە و چارەسەری یەكێكە لەو كارانەی كە ڕاستەخۆ كاریگەری لەسەر كەرتی گەشتیاری دەبێت، هەر كەمتەرخەمییەك لەم كارەدا كاریگەری لەسەر كەرتی گەشتیاری دەبێت، ئایا ئیدارەدانی ئەم پاشماوەكان لە قەزای دوكان گرفتیان بۆ كەرتی گەشتیاری دروستنەكردوە، ئامانجان زانینی ئیدارەدانی(كۆكردنەوە و گواستنەوە و چارەسەركردن) پاشماوەكانە و شیكاری چەندیەتی كاریگەری ئەو ئیدارەدانەیە لەسەر گەشتوگوزار، كاری ئیدارەدانی ئەم پاشماوانە بەرپرسیەتی بەشی ژینگەی شارەوانی قەزای دوكانە كە هەڵدەستێت بە سەرپەرشتیكردنی ئەم كارە كە بەگرێبەست دراوە بە كۆمپانیا، ئەم كارەش بە (185) دەستیكار (31) ئامێر بە ئەنجام دەگەیەنرێت، بڕی پاشماوەكان لە قەزاكە لەزیادبوندایە، تێكرای كۆكراوەی ڕۆژانەی پاشماوەكان 79.272 تەنە، كە بۆ تاكەكەس 1.147 كغم، كاری كۆكردنەوەی پاشماوەكان لەم قەزایە كارێكی ڕێكخراو و خێرایە، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی كە زۆرترین گەشتیار ڕوی تێدەكەن، هەمو ڕۆژێك تاكو پاشماوەی تێدابێت پاشماوەكان كۆدەكرێنەوە، دوای ئەوە ئەگەر پاشماوە كۆببێتەوە دوبارە كۆمپانیاكە دەگەڕێت و كۆی دەكاتەوە خۆ ئەگەر كۆمپانیاكە پێینەزانی ئەوا كارمەندان و ئیدارەی ناوچە گەشتیارییەكان پەیوەندییان پێوەدەكەن لەڕێگەی ژمارە تەلەفۆنەكانیانەوە، ئەوانیش ڕاستەخۆ دەچن بۆ كۆكردنەوەی ئەو پاشماوانە، بەپێی ڕینماییەكان هەر كەمتەرخەمییەك لە كۆنەكردنەوە، خراپ گواستنەوە، لەخاكنەنان ڕوبدات، پێبژاردن هەیە، كە بە تێكڕا مانگانە پێبژاردنەكانی ئەم كۆمپانیایە كەمتر نییە 2 ملیۆن دینار لە ناوچە گەشتیارییەكان پاكوخاوێنن، كاریگەری نەرێنی گواستنەوەی پاشماوەكان لەسەر كەرتی گەشتیاری بەدیناكرێت، چارەسەرەی پاشماوە ڕەقەكان تەنها لەژێرخاكنانیەتی لە ناوچەیەك كە نزیكە لەمەڵبەندی گەشتیاری قەزاكە، لەلایەك گرفت بۆ خاك و ئاوی ناوچەكە دروستدەكات، لەلایەكی دی گردەگرێت، دوكەڵەكەی بەهۆی ئاراستەی باوە بەرەو ناو شاری دوكان و ناوچە گەشتیارییەكان دەڕوات ئەمەش هۆكارێكی بێزاركەری دانیشتوان و گەشتیاری و نەخۆشی ناوچەكەیە.

**كلیلە وشە:** پاشماوە ڕەقەكان، قەزای دوكان، گەشتوگوزار

# The Impact of Solid Waste on Tourism in the Doukan District Center

Fouad Khalid Saeed[1] - Hemn Abdullah Wasta Ahmad[2]

[1]Department of Social Sciences, College of Primary Education, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Dukan Technical Institute/Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Urban solid waste is currently of great importance to the management of population areas (cities, towns, villages, temporary and seasonal settlements) in the world is constantly emphasized, the impact of this waste is clear on the tourism sector Isn't it reducing tourists? The aim of this research is to know the current management (collection, transportation and treatment) of waste in Dukan district and analyze the impact of this management (collection, transportation and treatment) on tourism in tourist attractions Administratively, it consists of six districts (Center, Khdran, Surdash, Khalkan, Piramagrun, Bangird). The method used in this study is descriptive analysis. The population of the district is constantly increasing Population activities include tourism, administrative activities, wholesale and retail trade and industrial services, small industries, two medium and one large food industries. Waste generally consists of: organic waste (food), plastic waste, glass waste, paper and cardboard waste. The Environmental Department of Dukan District Municipality is responsible for supervising this work. The work is contracted to Anzo Construction Company. It collects waste daily (except Fridays) from all sectors The total number of equipment used for collection and burial is 31. The amount of waste in the district is increasing. There is no separation of waste into sectors in this district (only waste). Their doctors have special furnaces inside the hospitals and they burn the necessary amount of medical waste. The average daily collection of waste is 79.272 tons/day, which is 1.147 kg per person Waste, obviously remaining in one place and not collecting solid waste pollutes the environment, causes air pollution and visual pollution, on the other hand spreads an unpleasant smell in the place If the company does not know, the company has set up mobile numbers for the employees and the administration of the tourist areas to call them and go directly to collect the waste. These are all reasons for the tourist areas to remain clean Travel Choose this area, the negative impact of waste transportation on the tourism sector is observed, because capsule vehicles are used to

collect and transport waste, directly cover the waste and suppress the smell (to a large extent). The reason for the spread of smell and spillage of water on the streets (the administration of tourist areas have been notified in this case, I will work to minimize the mixing of water with waste). The only solution is to bury the waste underground in an area very close to the tourist center of the district, on the one hand creates problems for the soil and water of the area In the past, this has happened only once. Municipal inspectors continuously monitor (collection, transportation and treatment of waste) according to municipal guidelines. Any violation of improper collection or transportation or treatment according to guidelines It is close to 3 million Iraqi dinars, which is no less than 2 million in total and much more than the previous company.

**Keywords**: Impact, Solid Waste, Tourism, Dukan District.

## پێشەکی:

لەئێستەی وڵاتانی جیهاندا کۆکردنەوە و گواستنەوە و چارەسەرکردنی پاشماوە ڕەقەکان لەگرنگترین کارە خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەتن، وەك ڕابردو تەنها شارە سەرەکییە قەرەباڵغەکان نین دەوڵەت لەم بارییەوە کاری لەسەر بکات، بەڵکو تەواوی ئەو شوێنانەی کە مرۆڤی لێنیشتەجێیە (دێهاتێك، نشینگەیەکی بچوکی کاتی بێت) لە هەوڵی ئیدارەدانی پاشماوەکانیدا دەبێت، ئەم کارەش بۆ دەوڵەت زۆر قورس بوە، چونکە بۆ کۆکردنەوە و گواستنەوە و چارەسەرکردنی پاشماوەکان، شارەوانییەکانی وڵاتانی جیهان پارەیەکی ئێجگار زۆری بەهەدەر دەدات کە 60%ی کۆی تێچوی وەزارەتی شارەوانییەکانیانە، ئەمە جگەلەوەی لە زۆرێك لە شارەوانییەکانی وڵاتان ڕێگەی جۆراوجۆری نوێ گیراوەتەبەر بۆ کەمکردنەوەی بڕی ئەو پاشماوەی کە لە ژێرخاك دەنرێ، تا ئەوەندەی گەیشتۆتە نزیکەی 90% کۆی کێشی پاشماوەکە، ئەمەش بەهەدەردانی سامانی گشتی کەمکردۆتەوە(سعيد،2014: 14).

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

لەوردبونەوەی هەستی جوگرافی توێژەرانەوە لە کێشە ژینگەییەکانی ساڵانی ڕابردو لە ناوچە گەشتیاریەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت شوێنی لێکۆڵینەوە، هەستکردن بە گرنگی نەبونی کاریگەری نەرێنی پاشماوەکان کە زۆر وڵات پێوەی دەناڵێنن لەسەر ناوچە گەشتیارییەکان، بۆیە توێژەران ئەم بابەتەیان کردە ناونیشانێك و بەدواداچونێکی زانستی بۆ زانینی هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەردەوام بونی ئەم کێشەیە کە لە ڕابردودا هەستی پێدەکرا، کەواتە دەکرێ کێشەی توێژینەوەکەمان لەم چەند خاڵەدا بخەینەڕو:

1-ئایا ئەم پاشماوانە کاریگەرییان لەسەر کەمکردنەوەی گەشتیار هەیە.

2-کام جۆری پاشماوەکان لەناوچەی توێژینەوە زۆرترین بڕی هەیە.

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە تێبگەین و تێبینیبکەین لەوە کە دیاردەی پیسبون بە پاشماوە ڕەقەکان پەیوەندییەکی ڕاستەخۆی هەیە بە گەشتوگوزارەوە، چۆنیەتی تێبینی و بەدواداچون بۆ ئەم بابەتە یارمەتیدەر دەبێت لەگەشەی کەرتی گەشتوگوزار و ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیارییەکان، لەبەرئەوە پاشماوە ڕەقەکان و گرنگیپێدانی چۆنیەتی کۆکردنەوە و گواستنەوە و چارەسەری، یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەرجەستەکردنی ئاسایشی تەندروستی کە ئەمە گرنگە بۆ گەشتیار و گرنگییەکەی کەمتر نییە لەلایەنی ئارامی ناوچە گەشتیاریەکە،کە زۆر پێویستە بۆ گەشتیار لەناوچە گەشتیارییەکاندا.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە**

1-زانینی چۆنیەتی ئیدارەدانی(کۆکردنەوە و گواستنەوە و چارەسەرکردن) پاشماوەکان لە قەزای دوکان.

2- شیکاری چەندیەتی کاریگەری ئەو ئیدارەدانە (کۆکردنەوە وگواستنەوە و چارەسەرکردنی) پاشماوەکان لەسەر گەشتوگوزاری لە شوێنە گەشتیارییەکان.

**چوارەم: گریمانەی توێژینەوەکە**

هەر توێژینەوەیەك گریمانەی تایبەت بە خۆی هەیە بە گوێرەی ئامانج، ئەم توێژینەوەی ئێمەش ئەم چەند گریمانەی هەیە کە بەچەند خاڵێك دەیخەینەڕو:

1-ئیدارەدانی پاشماوە ڕەقەکان هەر لە کۆکردنەوە و گواستنەو ە و چارەسەرکردن ئیدارەدانێکی زانستییە و کاریگەری نەرێنی لەسەر کەرتی گەشتیاری نییە.

2-چارەسەرکردنی پاشماوە ڕەقەکان چارەسەرکردنێکی زانستە و لەئاستێکی باڵادایە.

**پێنجەم: سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری شوێنی:

توێژینەوەکە سەنتەری قەزای دوکانە، کە قەزای دوکان یەکێکە لە قەزاکانی سەر بە پایزگای سلێمانی کەوتۆتە بەشی باکوری ڕۆژئاوای پارێزگاکە (پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە) هەڵکەوتەی شوێنیشی بەگوێرەی دەوروبەری، لەڕوی ڕۆژهەڵاتییەوە قەزای ماوەت و شارباژێر(چیاکانی سیرۆك وگۆمەزەل و ژیلوان و مام سەفەر دەبێتە جاکەرەوەی لەگەڵ قەزای دوکان)، لەباکوری خۆرئاواوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای کۆیە (زنجیرە چیاکانی هەیبەت سوڵتان جیاکەرەوەیەتی لەگەڵ قەزای دوکان) کە قەزایەکی سەر بە پارێزگای هەولێرە، لە خۆرئاواوە قەزای چەمچەماڵ و لە باکورەوە ئیدارەی ڕاپەڕین، لەباشورەوە قەزای بازیان و سەنتەری پارێزگای سلێمانی، لەڕوی ئیداریەوە پێکهاتوە لە شەش ناحیە (ناحیەی سەنتەر، خدران، سورداش، خەلەکان، پیرەمەگرون، بنگرد) لەڕوی ئەسترۆنۆمییەوە کەوتۆتە نێوان بازنەکانی پانی ("00 '38 °35 N - "00 '12 °36 N) باکور و هێڵەکانی درێژی ("00 '36 °44 E –"00 '16 °45 E )ڕۆژهەڵات نەخشەی (1).

سنوری کاتی:


ئەم توێژینەوەیە کاتی کۆکردنەوەی داتاکانی (مەیدانی و مەکتەبی و دەزگاکانی حکومەت)و کاتی نوسینی توێژینەوەکەی سەرەتای مانگی 5- 12-2024 تاکو 25- 4-2025 بوە.

پێنجەم: میتۆدی بەکارهێنراو: میتۆدی بەکارهێنراوی میتۆدی خوێندنەوەیە، بە ڕێگا و شێوازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بگەینە دەرئەنجامێکی باش، پشت بەست بەو داتایانەی توێژەران بەدەستیان کەوتوە لە دەزگا فەرمی و نافەرمی و سەردانی مەیدانی و چاوپێکەوتنی ڕاستەخۆ.

**تەوەری یەکەم:** ژینگەی سروشتی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

**-شوێنی جوگرافی:** لە گرنگترین بابەتە سەرەکیەکانە کە جوگرافیناس گرنگی پێدەدات و توێژینەوەی لەسەر دەکات شوێنی و پێگەی دیاردە جوگرافییە کە دەتگەیێنێتە ئەوەی کە هۆکاری دروستبون و گەشەکردن و قۆناغەکانی دیاردەکە بزانیت (الخزرجي، 2006: 14)، شارۆچکەی دوکان کە سەنتەری قەزای دوکانە بەدوری 66 کم لە ناوەندی شاری سلێمانیەوە دورە 118 کم لەشاری هەولێرەوە دورە، واتە شوێنێکی نێوانییە (الموقع البيني) کەوتۆتە سەر ڕێگای نێوان شاری سلێمانی و هەولێر، جگەلەوە کە پارێزگای سلێمانی دەبەستێتەوە بە ئیداری ڕاپەرینەوە ناوەندێکی ئاوەدانی و ناوچەیەکی دەوڵەمەند و بەپیتی کشتوکاڵییە و سەرچاوەی ئاوی ڕوباری زێی بچوك پێیدا تێپەڕ دەبێت و بەنداوی دوکان لەباکوری شارەکە لەسەر ئەو زێیە دروستکراوە (کاری توێژەران پشت بەست بەنەخشەی بنچینەی ناوچەکە لەبەرنامەی ARC GIS10.7 دا) نەخشەی (1).

نەخشەی (1) شوێنی جوگرافی قەزای دوکان بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی و دەوربەری



سەرچاوە : کاری توێژەر بەبەرنامەی ئارك جی ئای ئێس 10.7 و نەخشەی ئیداری پارێزگای سلێمانی لە بەشی هونەری پارێزگای سلێمانی مانگی 11ی2024

-بەرزونزمی: لە هۆکارە جوگرافییە گرنگەکانە کە کاریگەری لەسەر هەمو لایەنە سروشتی و مرۆییەکانی تری جوگرافیا هەیە، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر ئیدارەدانی پاشماوە ڕەقەکان (لە کۆکردنەوە و گواستنەوە و چارەسەرکردنی پاشماوەکان)، شوێنی لێکۆڵینەوە پێکدێت لە کۆمەڵێك چیا و دەشت کە دەتوانین دابەش بکەین بۆ سەر چوار شێوەی بەرزونزمی خشتەی (1).

خشتەی(1) بۆمان ڕوندەکاتەوە کە ناوچە بەرزونزمییەکانی ئەم قەزایە لەچوار جۆر پێکهاتوە (چیا پێچ ئاڵۆزەکان، چیا سادەکان، دەشتەکان و ناوچە نزمەکان).

1-ناوچەی چیا پێچ ئاڵۆزەکان: ئەم ناوچانە ناوچەی چیا بەرزەکانی قەزاکەیە، کە بەرزی زیاترە لە 1500م لەئاستی ڕوی دەریاوە، لە گرنگترین چیاکانی چیای شێخ باغ 1637، چیای پیرەمەگرون 2620م(ئەمین، 2014: 63)، چیای مام سەفەر، چیای ئاسۆس، بە زۆربەی ئەم ناوچەیە لە خۆرهەڵات و باکوری خۆرهەڵات و باشوری خۆرهەڵاتی ئەم قەزایەیە، چیاکانی بەوە دەناسرێن، کە بڵند و سەرکەشن و لاپاڵەکانیان زۆر لێژە و دۆڵی قوڵ و تەسک کەوتۆتە نێوانیان، بەشی سەرەوەی چیاکان ڕوتەنن و تەنها هەندێک ڕوەکی دور لەیەکی کەمی تێدایە، ڕێژەی 2،99%ی کۆی قەزاکەی پێکهێناوە کە دەکاتە 55،4 کم2 ڕوبەری قەزاکە.

خشتەی (1) شێوەکانی بەز و نزمی لە قەزای دوکان

| ژ | یەکە بەرزونزمییەکان | ڕوبەر بە کم 2 | ڕێژە لە کۆی قەزاکە |
|---|---|---|---|
| 1 | چیا پێچ ئاڵۆزەکان | 55,4 | 2.99 |
| 2 | چیا پێچ سادەکان | 385.9 | 20.88 |
| 3 | دەشتەکانی | 1345.9 | 72.83 |
| 4 | ناوچە نزمەکان (بە ئاو داپۆشراوەکان) | 60.8 | 3,30 |
| | کۆی گشتی | 1848 | 100 |

سەرچاوە :کاری توێژەران بە بەرنامەی Arc GIS 10.7 پشت بەست بەنەخشە بەرزی و نزمی ژمارەیی D.E.M بەوردی 30 م.

2 - ناوچەی چیا پێچ سادەکان: ئەم ناوچەیە سەختی و بڵندی لەویتر کەمترە و کەمتر لێژ و لاپاڵ سەخت نین و گژوگیا و دارودەوەنی زیاتری لەناوچەی یەکەم تێدایە، بەرزی کەمترە لە 1500م لەئاست ڕوی دەریاوە، کەوتۆتە باکوری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی قەزاکە، ڕوبەرێکی زۆر کەمی بەشەکانیتری قەزاکە وەک باکوری ڕۆژئاواو و ناوەڕاست و باشوری ڕۆژئاوا دەگرێتەوە، کۆی ڕوبەری ناوچەی چیا پێچ سادەکان 385.9 کم2یە کە ڕێژەی 20،8 %ی کۆی ڕوبەری قەزاکەیە. لە گرنگترین زنجیرە چیاکانی سورداش ١٣٥٢م، سارا ١٢٢٢م، ئاسۆس ١٣٢٢م

3:-ناوچەی دەشتەکان: بەرزی ئەم ناوچەیە لە ئاستی ڕوی دەریاوە لە نێوان 300 مەتر بۆ 1000 مەتر کەمترە، کە کۆمەڵێك دەشت دەگرێتەوە، کە لە نێوان ئەو چیایانەدا دروستبون، دەشتی پانوبەرین و دەوڵەمەند و بەردەوام لە


تازەبونەوەدان، لەبەربونی بەردەوامی ڕامالّین و کەشکاری لەنێو چیاکانەوە بۆ ئەو ناوچانە، شوێنی ئەم دەشتانە لە نێو قەزاکەدا لە باکور و ناوەڕاست و باشوری قەزاکەدایە، جگە لەم ناوچانە بەشێکی ڕۆژهەڵاتی قەزاکەش دەگرێتەوە، کۆی ڕوبەری ناوچەی دەشتایی (1345،9 کم2)یە کە ڕێژەی (72و83 %)ی کۆی ڕوبەری قەزاکە پێکدێنێت.

**لەگرنگترین دەشتەکانی قەزاکە بریتین لەدەشتی مەرگە و دەشتی پیرەمەگرون.**

1-دەشتی مەرگە: ئەم دەشتە ڕوبەرەکەی150کم2 دەبێت بەرزیەکەی لەنێوان 483 بۆ 610 مەتر دەبێت، دەکەوێتە خۆرئاوای ناحیەی بنگردی سەر بەقەزای دوکان، لەنێوان دەربەندی ڕانیە لەباکور، و لەباشوریشەوە بەرزاییەکان 1220م دەبێت، بەرزاییەکانی چیای ئاسۆس لەڕۆژهەڵات، دەریاچەی دوکان لەبەشی ڕۆژئاوای، بەباکوری ئەم دەشتەدا زێی بچوک و هەندێک ڕێڕەوی ئاویتر گوزەر دەکەن، ئەمەش بۆتە هۆی بەپیتکردنی دەشتەکە (خصباك، 2005: 37)

2-دەشتی پیرەمەگرون: دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای قەزای دوکان، سنورەکەی لەباکورەوە ناحیەی سورداشە، لەخۆرهەڵاتەوە زنجیرە چیای پیرەمەگرون و لەباشوری خۆرهەڵاتییەوە شارۆچکەی تاسلوجەیە، لەباشوری خۆرئاواشیەوە زنجیرە چیای بازیانە ولە خۆرئاواشەوە ناحیەی ئاغجەلەرە ڕوبەری ئەم دەشتە دەگاتە 142،8کم2 و دەشتێکی بەپیتی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە (توفیق، 2022: 9)

نەخشەی (2) بەرزو نزمی قەزای دوکان




سەرچاوە : کاری توێژەر بەبەرنامەی ئارك جی ئای ئێس 10.7 پشت بەست بە نەخشەی بەرزونزمی بە فایلی دیم بەووردی 30 مەتر

-ئاووهەوا:

ئاووهەوا یەکێکە لەو ڕەگەزانەی ڕاستەخۆ کار دەکاتە سەر هەمو کردارەکانی پاشماوە ڕەقەکان لەڕێگەی ڕەگەزەکانییەوە ئەوانیش:

ا- پلەی گەرمی بەیەکێک لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ئاووهەوا دادەنرێت، چونکە کاریگەریی لەسەر ڕواڵەتە سروشتی و مرۆییەکان لەسەر زەوی هەیە، لە نێو ڕەگەزە ئاووهەواییەکاندا پلەی گەرمی کاریگەریی لەسەر ڕەگەزەکانی تریش هەیە، بەسەرنجدان لەخشتەی(2)، دەبینین لە شاری دوکان پلەی گەرمی بەپێی مانگەکان گۆڕانی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت بەجۆرێک پلەکانی گەرمی بەپێی ویستگەی کەشناسی دوکان لە شاری دوکان جیاوازی لە تێکڕای پلەکانی گەرمی لە نێوان وەرزەکانی ساڵدا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لەماوەی کاتەکانی ڕۆژ و شێوازی ئاراستەی گەیشتنی تیشکی خۆر بۆ سەر زەوی، هەروەک چۆن جیاوازی لە نێوان تێکڕای پلەی گەرمی وەرزەکانی ساڵدا هەیە، بەهەمان شێوە جیاوازی لە نێوان تیکڕایی پلەی گەرمی شەو ڕۆژدا هەیە، تێکڕای نزمترین پلەی گەرما لە مانگی کانونی دوەمی ساڵی 2024 (6.5)پلەی سەدییە و تێکڕای نزمترین پلەی گەرمی لەمانگی تەموزدا (27،2) پلەی سەدییە، هەروەها تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمای تۆمارکراو لەمانگی کانونی دوەم (13،5) پلەی سەدی و بەرزترین تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمای تۆمارکراو لە مانگی تەموزدا (43،5) پلەی سەدییە، تێکڕای نزمترین پلەی گەرمی ساڵانە(15،5) پلەی سەدی و تێکڕایی بەرزترین پلەی گەرمی ساڵانە (26،8) پلەی سەدی و تێکڕایی ساڵانە (21،15) پلەی سەدییە، ئەم بارودۆخەی پلەی گەرمی لە زۆربەی ڕۆژەکانی ساڵدا یارمەتیدەرە بۆ شیبونەوەی پاشماوەکان و دروستبونی نەخۆشی و دەرکردنی بۆنی ناخۆش.

خشتەی (2) تێکڕای باری هەندێك لە ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

| مانگ | تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمی | تێکڕای نزمترین پلەی گەرمی | تێکڕای پلەی گەرم | بران بارین بە ملم | تێکڕای خێرایی با بە م/ چرکە |
|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دوەم | 13.5 | 6.5 | 10 | 81,8 | 2,6 |
| شوبات | 13,8 | 6,7 | 10,25 | 141 | 3 |
| ئازار | 14,3 | 5.9 | 10,1 | 37,6 | 2,3 |
| نیسان | 17,9 | 8 | 12,95 | 100,8 | 2,6 |
| مایس | 30,4 | 17,7 | 24,05 | 45,8 | 2,7 |
| حوزەیران | 41,2 | 27,2 | 34,2 | 2,6 | 3,2 |
| تەموز | 43,5 | 28,6 | 36,05 | 0 | 3,3 |
| ئاب | 44,4 | 28,5 | 36,45 | 0 | 2,8 |
| ئەیلول | 38,7 | 24 | 31,35 | 15,4 | 3,3 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تشرینی یەکەم | 29,9 | 16,7 | 23,3 | 7,6 | 3,1 |
| تشرینی دوەم | 20,3 | 10,9 | 15,6 | 52,8 | 2,4 |
| کانونی یەکەم | 14,3 | 5,9 | 10,1 | 37,6 | 2,3 |
| تێکڕای ساڵانە | 26,8 | 15,5 | 21,15 | 523 | 2,8 |

سەرچاوە: پشت بەست بە داتاکانی وێستگەی کەشناسی بەنداوی دوکان، تێکڕای چەند ساڵێکی هەندێك لەڕەگەزەکانی ئاووهەوا لە مانگی 1 ی 2025 وەرگیراوە.

2- باران: هەرچی دابارانە لەمانگی ئەیلولەوە دەستپێدەکات تاکو سەرەتای مانگی حوزەیران بەردەوام دەبێت، خشتەی (2)، تێکڕای بڕی باران بارین لە مانگێکەوە بۆ مانگێکی تر جیاوازە، لەکاتێکدا تێکڕای زۆرترین بڕی باران بارین لە مانگی نیسان دا یە بە (100،8 ملم) و لە مانگی تەموز و ئاب دا هیچ باران نەباریوە، کۆی باران بارین لە ساڵدا 523 ملم، تێکڕای بڕی باران و ماوەی دابارینی کاریگەری لەسەر پاشماوەکان هەیە، بە بڵاوکردنەوە و تێکەڵکردنی بەزەوی و ڕوبار و شوێنە گشتییەکان، کە ئەمانە گرفتی تەندروستی و ئیداری دەنێنەوە.

3- با: تێکڕای خێرایی با ساڵانەی 2،8 مەتر لە چرکەیەکدا، لە نێو مانگەکاندا مانگی تەموز و ئەیلول تیاندا خێرایی با زۆرترین بوە بە 3،3 مەتر لە چرکەیەکدا، خێرایی با کاریگەرە لەسەر ئیدارەدانی پاشماوەکان هەر لە کۆکردنەوەی پاشماوەکانەوە بۆ گواستنەوە و چارەسەرکردنی (بڵاوەپێکردنی پاشماوەکان، لکانی پاشماوەکان بە شوێنی نەشیاو و کێشەنانەوە، بونە بەربەرست بۆ ئاوەڕۆکان، بڵاوکردنەوەی پیسییەکان و دروستبونی نەخۆشی بۆ مرۆڤ و زیندەوەران.

## -ڕوپۆشی ڕوەکی:

ڕوبەری ڕوەکی سروشتی لەم قەزایەدا دەگاتە 161.044 دۆنم، کە دەکاتە ڕێژەی 22.5%ی کۆی زەوی قەزاکە (رشید،2016، 84)، جۆرەکانی ڕوەکی سروشتی لەناوچەکە ئەمانەن:

1- ڕوەکی گژوگیای ستێپس: ئەو گژوگیایانە دەگرێتەوە کە بەزری لە نێوان (10-20سم) دەبێت، ناوچەی لێکۆڵینەوە دو جۆر گژوگیای ستێپسی لێدەڕوێت یەکێکیان وشك (لەوناوچانە دەڕوێن، کە پلەی گەرمی بەرزە و بارانیان لەنێوان200 بۆ 300ملم دایە)و ئەوی تر شێدار (دەکەوێتە ناوچە شێدارەکان کە بارانیان لە نێوان 300 بۆ 500ملم دایە).

2- گژوگیای لێوار چەم و ڕوبارەکان: وەك باسمانکرد هەندێك ڕوبار هەیە لەم ناوچەیە بۆیە بەدرێژایی ئەو ڕوبارانە دار و دەوەن ڕواون.

3- دارستانەکان: دارستانەکانی ئەم ناوچەیە لە جۆری گەڵاوەریون لە چیای پیرەمەگرون و کۆسرەت و سارا و ئاسۆس و شێخ باغ بڵاوبونەوتەوە، داری بەڕو بڵاوترینن داری مازو و قەزوان گوێز و دارەبەن و ...

ئەم جۆرانەی ڕوەکی سروشتی لەزۆربەی مانگەکانی ساڵدا بەچڕ دەبینرێت، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەکە لەپاڵبونی بەنداوی دوکان و ڕوباری زێی بچوك، ئەمە جگەلەوەی، هۆکارێکە بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ، و بۆتە ناوچەیەکی باشی لەوەڕگای سروشتی بۆ بەخێوکردنی جۆرەها ئاژەڵ، هەروەها بۆ هاوسەنگی ڕاگرتنی ژینگەیی یارمەتیدەرە،

هەرچەندە لە تەواوی جیهاندا پاشماوە ڕەقەکان یەکێکن لەو مەترسیانەی کە ڕوبەڕوی ڕوەکی سروشتیبونەتەوە ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە بونەتە ناوچەی لەژێرخاك نانی پاشماوەکان یاخود بەهۆی نزیکبونەوەی مرۆڤ لەو ناوچانە جۆرەها پاشماوەی ڕەق فرێدەداتە ئەو ناوچانە ئەو پاشماوانەش (بەتایبەتی پلاستیکی و نایلۆن) هۆکارێك دەبێت لە کەمبونەوەی ڕوکی سروشتی لەسەر خاکەکەی، هەرچەندە حکومەت بەبەردەوامی لە هەوڵی پاککردنەوەی ئەو پاشماوانەدایە بە دانانی تیمی تایبەت بە پاککردنەوەی ئەو پاشماوە لەو ناوچانە.

<u>تەوەری دوەم</u>: ژینگەی مرۆیی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

-دانیشتوان:

لێکۆڵینەوە لە دانیشتوان بۆ بابەتەکەی ئێمە گرنگییەکی یەجگارە گەورەی هەیە، چونکە ڕاستەوخۆ کاریگەرە لەسەری، هەرچەندە زانینی تێکڕاکانی گۆرانگاری ژمارەی دانیشتوان لەهەر ناوچەیەکدا ڕوڵی هەیە، بۆ کارکردنی زانستی لە ڕوبەروبونەوەی ئەو بارودۆخانەی کە لە داهاتودا ڕوبەروی دانیشتوان دەبنەوە، و لەبەرئەوەی لە وڵاتی ئێمەدا گەشە و زیادبونی ژمارەی دانیشتوان (زیادبونی ژمارەیی لەدایکبون و کەمبونەوەی مردن) بەردەوامە، بۆیە لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە گرنگە.

لە وردبونەوە لە ژمارەکان لە خشتەی (3) بۆمان ڕوندەبێتەوە، کە ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بەدەروام لە زیادبوندا بوە، تەنها لە نێوان ساڵانی 1977 بۆ 1987 نەبێت، کە ژمارەکە 31646 کەس بوە بە 31407 کەس، ئەمەش لەبەر ئەو بارودۆخە ڕامیاریەی لەو ماوەیەدا لەهەرێمی کوردستانی تێدا بوە، کە کاریگەری شەری عێراق-ئێران و ڕاگواستنی

خشتەی (3) ژمارەی دانیشتوانی قەزای دوکان لەماوەی ساڵانی 1977 – 2024

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوانی شاری دوکان | کۆی دانیشتوانی قەزا | ڕێژەی دانیشتوانی شاری دوکان لەکۆی قەزا |
|---|---|---|---|
| 1977 | 3940 | 31646 | 68 |
| 1987 | 8207 | 31407 | 65.47 |
| 2002 | 5910 | 54919 | 21 |
| 2009 | 8647 | 60865 | 14.21 |
| 2013 | - | 68504 | - |
| 2020 | 11969 | 84250 | 14،21 |
| 2023 | 17689 | 90464 | 19.55 |

سەرچاوە: پشت بەست بە:

-هەورامان کەمال میرزا عبداللە (2023)، گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوانبونی روبەری شاری دوکان و سیدصادق (لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد کاری لە جوگرافیای شار)، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، لا44 .

-هێمن حسین اسماعیل (2015)، توانستە ئاووهەواییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ (لێکۆڵینەوەیەك لەئاووهەوایی پراکتیکی) نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی / بەڕێوەبەرایەتی ئاماری قەزای دوکان، ئاماری بڵاونەکراوە 2024.

گوندەکانی ئەم قەزایە-تەنها لەماوەی نێوان ساڵی 1978بۆ 1979 نزیکەی 61 گوند و 1405 خێزان ڕاگوێزراون لەم قەزایە (عبداللە،2023: 121) لە دیارترین هۆکارەکانن، تاکو ساڵی 2002 ئامارێکی وردمان نییە لەسەر دانیشتوانی قەزاکە (بەهۆی شپرزەیی ئیداری کە لەساڵی 1991 ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان دژی حکومەتی عێراق دروستبو، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992 دروستبو، لەم ماوەیەدا ئابلوقەی ئابوری نەتەوەیەکگرتوەکان سەر عێراق و ئابلوقەی ئابوری حکومەتی عێراق لەسەر هەرێم هەبوە، ئەمە جگە لەشەڕی ناوخۆی حزبە کوردستانییەکان)، ژمارەکە لەساڵی 2002 بەرزبوەوە بۆ 54919 کەس، و لە ساڵی 2009دا ژمارەکە هەر لە بەرزبونەوەدا بوە 60865 کەس و لە 2013 بۆ 68504 کەس و 2020دا بوە 84250 کەس و لە دوا داتای ئاماری ساڵی 2023ی قەزاکە (پێش سەرژمێری گشتی هەمو عێراق کەتا ئێستا دەرئەنجام بەپێی قەزا بڵاونەبۆتەوە) بوە بە 90464 کەس.

لەلایەکیترەوە ڕێژەی دانیشتوانی ناحیەی سەنتەری لەکۆی گشتی قەزاکە گرنگە بۆ زانینی کاریگەری سەنتەر لەسەر کۆی قەزا و لەسەر خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان (چونکە سەنتەر ناوچەی گەشتیاریە)، هەر بۆیە توێژەران ئەم بەراوردەیان بە گرنگزانی و خستیانەڕو، لە خشتەی(3) دەردەکەوێت کە لەساڵی 2002 دا ڕێژەی 21% کۆی ژمارەی دانیشتوان ی قەزاکە لە سەنتەری قەزاکە نیشتەجێ بوە، لە ساڵی 2009 بوە بە 14.21% و لە ساڵی 2020 هەمان ڕێژە وەك خۆی ماوەتەوە، و لەداتای ساڵی 2023 زیادیکردوە بۆ 19.55% کۆی گشتی قەزاکە، ئەمەش بەو واتایەی کە دانیشتوان زیاتر ڕو لە نیشتەجێ بونن لە سەنتەری قەزاکە، لەبەرئەوەی چالاکییە هەمەجۆرەکانی تێدایە بەراورد بە نشینگەکانتری چواردەوری.

## چالاکی دانیشتوان:

سەنتەری قەزای دوکان یەکێکە لە ناوچە دیارەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان، ڕوە جوانەکەی گەشتیاری سروشتیە لە هەرێمی کوردستان بەهۆی گوزەرکردنی ڕوباری زێی بچوك و پێبەخشینی جوانییەکی سروشتی و خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی و بونی بەنداوی دوکان، لەم لینکەوە هەندێ زانیاری لەسەر گەشتیاری لە قەزای دوکان: *https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2906201510*

گەشتوگوزار لەئێستەدا بەشێکی دانەبڕاوی چالاکیەکانی مرۆڤە، ئەوەش زانراوە مرۆڤەکان لە مێژەوە حەزیان لە گەڕان و گەشتکردن هەبوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەمەش لەبەر بەدەستهێنانی نان بوبێت یاخود بۆ بەدەستهێنانی زەوی نوێ یان بۆ کات بەسەربردن و خۆشڕابواردن و شارەزابون لە شوێنی و نوێ و کۆمەڵگەی نوێ، هەرچی شوێنی گەشتیارییە ئەو شوێنەیە کە تایبەتمەندە بە فەرمانە گەشتیارییەکانیەوە، تاك و کۆمەڵی مرۆڤ ڕویتێدەکەن بەهۆی ئەو تایبەتمەندیەوە بۆ کات بەسەربردن لەکاتی دەستبەتاڵیاندا، سروشتی چالاکییەکانی دانیشتوانی ئەو شوێنە و پاڵنەرە شوێنییەکانی ڕایکێشاون بۆ هاتن بۆ ئەم شوێنە و مانەوەیان تێیدا (قیصي، 2000، 2و3).

ئەمە جگە لەوەی ئەم قەزایە ئەڵقەی پێکەوە بەستنەوەی پارێزگای هەولێر و سلێمانی و ئیدارەی ڕاپەڕینە، شاری دوکان بە 124 کم شەقامی سەرەکی بەستراوەتەوە بە شاری هەولێرەوە (کە پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراقە)، بە 62کم بەشەقامی دوساید بەشاری سلێمانییەوە بەستراوەتەوە، بە 64 کم بەستراوەتەوە بە شاری و ڕانیەوە، بە 90 کم بە شەقامی دوساید بە شاری چەمچەماڵەوە، بە 46کم بە قەزای کۆیەوە (عبدالله،2023: 126) کەواتە شوێنێکی نێوانیە (الموقع البینی) و ئەمەش سودی زۆری ئابوری هەیە بۆ ناو شارەکە، هەر بۆیە چالاکییەکانی خزمەتگوزاری زیاتری لە قەزاکانیتر هەیە (خواردنگە و میوانخانە و ماركێت و بەنزینخانە و خزمەتگوزاری ئۆتۆمبێل بەهەمو جۆرەکانییەوە) هەروەها چالاکی ڕاوەماسی هەیە ئەویش بەهۆی بونی ڕوباری زێی بچوك و دەریاچەی دوکان چەندین جۆری ماسی لێیە، لەبەربونی دەشت ژمارەیەك بە چالاکی کشتوکاڵەوە خەریکن، ژمارەی جوتیاری قەزاکە لە ساڵی 2013 (3801) کەس بوە، کە ڕێژەی 5.55% کۆی دانیشتوانی قەزاکەیە و 9.36% کۆی جوتیارانی پارێزگای سلێمانیە (اسماعیل، 2015: 23) چالاکییەکانی تری قەزاکە بێجگەلە کارە ئیدارییەکان هەندێ چالاکیتر هەیە کە لە کاری بازرگانی تاك و کۆ و مارکێت و خزمەتگوزارییە پیشەسازییەکان و چێشتخانەکانە، بڕوانە خشتەی (4)

خشتەی (4) چالاکییەکانی قەزای دوکان 2024

| ناحیە | جۆری چالاکی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چالاکی بازرگانی (مارکێت و دوکانی بازرگانی تاك و کۆ) | | خزمەتگوزارییەکانی ئۆتۆمبیل و ئاسنگەری و پیشەسازی بچوك | | چێشتخانە | |
| سەنتەری دوکان | 131 | ٤٠,٥٦٪ | 21 | ٣١,٣٥٪ | 32 | ٥٣,٣٤ |
| سورداش | 35 | ١٠,٨٣٪ | 7 | ١٠,٤٤٪ | 4 | ٦,٦٦ |
| پیرەمەگرون | 118 | ٣٦,٥٤٪ | 29 | ٤٣,٢٨٪ | 16 | ٢٦,٦٦ |
| خەلەکان | 39 | ١٢,٠٧ | 10 | ١٤,٩٣ | 8 | ١٣,٣٤ |
| خدران | ٠ | ٠ | 0 | ٠ | 0 | ٠ |
| بنگرد | ٠ | ٠ | 0 | ٠ | 0 | ٠ |
| کۆ | 323 | | 67 | ١٠٠ | 60 | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە داتای بەڕێوەبەرایەتی ئاماری قەزای دوکان، داتای بڵاونەکراوە 2024.

لە خشتەی (4) دەردەکەوێت کە 323 شوێنی بازرگانی تاك و کۆ لە هەمو قەزاکە هەیە زۆرینەی ئەم دوکان و شوێنانە لە ناحیەی سەنتەر 40.56% و پیرەمەگرونە بە 36.54% و هیچ دوکان و بازارێك تۆمارنەکراوە لە خدران و بنگرد، هەرچی چالاکییەکانی خزمەتگوزاری ئۆتۆمبیل و پیشەسازی بچوك ئەوا 67 شوێنی لێیە کە بەهەمان شێوە زۆری بە ناحیەی سەنتەرە 53.34%ی کۆی ئەو خزمەتگوزاری و پیشەسازیانەی لێیە.

ئەمە جگە لەوەی کە 2 پیشەسازی خۆراکی مامناوەند و یەك گەورە لە قەزای دوکان هەیە لەکۆی 65 پیشەسازی مام ناوەند و گەورەی هەمو پارێزگاکە، بەڕێژەی ٦١ .٤٠%ی کۆی پیشەسازییە مام ناوەند و گەورەکانی پارێزگای سلێمانی، و لەکۆی (٢٢١٧) کرێکاری ئەو پیشەسازیانە لە پارێزگاکە، ڕێژەی3.84% ی لەقەزای دوکانە (واتە 71 کرێکار) کە وەك قەزاکانی دەربەندیخان ماوەت ژمارەی کرێکاری تێدایە (داتای بەڕێوەبەرایەتی پیشەسازی سلێمانی ئاماری کانونی دوەمی ٢٠٢٤).

لەهەمان خشتە دەردەکەوێت کەکۆی چێشتخانەی قەزاکە 60 چێشتخانەیە کە زیاتر لە نیوەی 53.34% لە ناحیەی سەنتەرە کە سەرەتای ئەم باسە باسمان کرد کە ناحیەی سەنتەر سەیرانگایە و شوێنێکی نێوانییە (لە نێوان پارێزگای سلێمانی و هەولێر و ئیدارەی ڕاپەڕین)، ئەمە جگەلەوەی کە بونی پەیمانگای دوکان ژمارەیەکی زۆری لە خوێندکار لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە کە ژمارەیان (898) خوێندکارە.

**پاشماوە ڕەقەکان لە سەنتەری قەزای دوکان.**

پاشماوە ڕەقەکان دەرئەنجامی چالاکی ڕۆژانەی ئاسایی مرۆڤ لە ماڵ و لە دەرەوەی ماڵەوە دروست دەبێت، کە بریتییە لەو پاشماوانەی مرۆڤ مەبەستیەتی لەناوییبات و لەخۆی دوربخاتەوە(الفرجاني و الغيثي، 2022، 211)، ئەم زاراوەیە (پاشماوە ڕەقەکان)، زاراوەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفکردنی ئەو پاشماوانەی، کە شل نین و لە دەرئەنجامی چالاکییەکانی ناوماڵ و بازرگانی و کشتوکاڵی و پیشەسازی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان دروست دەبن(علی و عمران، 2020، 265)، لەئێستەدا یەکێکە لە گرفتە ژینگەیە گەورەکان کە وڵاتان گرنگی زۆری پێدەدەن، نەك تەنها لەبەر زیانە زۆرە تەندروستی و ژینگەییەکانی، بەڵکو بەهۆی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ئابورییە نەرێنییەکانی، ئەم زیانانەی ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەبێت بەهۆی بەردەوامی زیادبونی ژمارە دانیشتوان و چڕبونەوەی لە شوێنێکدا و گەشەی تەکنۆلۆجیا و پیشەسازی کە هۆکارن بۆ زیادبونی بەکارهێنانی کەرەستەکان ئەمەش زیادبونی پاشماوە ڕەقەکان بەدوای خۆیدا دێنێت (المشاريع الصغيرة و المتوسطة في مجال إعادة تدوير تدوير المخلفات الصلبة في بعض الدول العربية،2021: 2). پاشماوە ڕەقەکان لە شاردا لەسەر بنەمای سەرچاوەی دروستبونی دەبن بەم جۆرانەوە: پاشماوە ڕەقەکانی ماڵان، پاشماوە ڕەقەکانی پیشەسازییەکان، پاشماوە ڕەقەکانی ناوچەی بازرگانی، پاشماوە ڕەقەکانی زەوییە کشتوکاڵی و باخچەکان، پاشماوە ڕەقەکانی ڕوخان و بیناکردن، پاشماوە ڕەقەکانی دامەزراوەکان، پاشماوە ڕەقەکانی کوشتارگەکان، پاشماوە ڕەقەکانی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان، پاشماوەی ڕەقی پزیشکی.

پێکهاتەی پاشماوەکان بەپێی سەرچاوەکەی دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەم ماددانە پێکهاتوە: پاشماوەی ئۆرگانی(خۆراکی)، پاشماوەی پلاستیك، پاشماوەی شوشەیی، پاشماوەی وەرەقە و کارتۆن، پاشماوەی دار و تەختە و مەوادی بینا، پاشماوەی پەڕۆ و پاشماوەی گژوگیا، و پاشماوەیتر.

لە بەدواداچونی توێژەران بۆ کاری پاشماوە ڕەقەکان لە قەزای دوکان دەردەکەوێت، کە بەشی ژینگەی شارەوانی قەزای دوکان هەڵدەستێت بە سەرپەرشتیکردنی ئەم کارە کە ئەنجامدانی کارەکە (کۆکردنەوە و گواستنەوە و چارەسەرکردنی پاشماوەکان) کە بەگرێبەست دراوە بە [1] کۆمپانیای (ئانزۆ کۆنسترەکشن)، ئەم چاودێرییە بەو شێوەیە کە لە هەر ناحیەیەك یەك کارمەند ڕاسپێراوە بە سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی کارەکانی کۆمپانیاکە، تەنها لەسەنتەری قەزا (شاری دوکان) و ناحیەی پیرەمەگرون دو کارمەند لێی بەرپرسن، ئەم کارمەندانە ساڵانە دەگوردرێن و کارمەندیتر دەخرێتە شوێنیان[2] ، کە ڕۆژانە (جگە لەڕۆژی هەینی) پاشماوەی هەمو کەرتەکان کۆدەکاتەوە و دەیگوازێتەوە بۆ شوێنی تایبەت

له (باكوری خۆرئاوای شاری دوكان به 3كم نەخشه4 [3] بۆ چارەسەركردنی، كه چارەسەركردنەكه تەنها ژێرخاك نانی پاشماوەكانه وێنەی (1)، ئەم كارەش لەلایەن ئەم كۆمپانیاوە بەم ژمارانە لە كارمەند و ئامێر و كەلوپەل بە ئەنجامدەگەیەنرێن، كە خشتەی (5) و (6) خراوەتەڕو.

نەخشەی (3)



سەرچاوە : كاری توێژەر بەبەرنامەی ئارك جی ئای ئێس 10.7بەكارهێنانی ئامێری جی پی ئێس

له خشتەی (5) بۆمان ڕون دەبێتەوە كە كۆی گشتی دەستیكار لەم كۆمپانیایە بۆ بەڕێوەبردنی تەواوی كارەكانی ئەم قەزایە (183) دەستیكارە، لەگەڵ دو كارمەند، كە تەواوی كاتەكانی ڕۆژ خەریكی ژێر خاكنانی پاشماوەكان و چاودێری ئەو شوێنە دەكەن، كە لە باكوری ڕۆژئاوای شاری دوكانە نەخشەی(4)، بەرزترین ڕێژەی دەستیكار لە ناحیەی ناوەندی قەزا (شاری دوكان) 30.05%، دواتر لە ناحیەی پیرەمەگرون بە 29.5%، و كەمترین كرێكاریش لە ناحیەی خدران بە 4.37% دەستیكار، هەرچەندە ناوچەی سەرگەڵو كە وەك لایەنی كارگێڕی سەربە ناحیەی سورداشە، كاری كۆكردنەوە و

گواستنەوەی پاشماوەكانی تێدا سەربەخۆیە، ئەمەش لەبەرئەوەی كە سەرگەڵۆ ناوچەیەكی گەشتیارییە و بڕی پاشماوە تێدا زۆرە، بەتایبەتی لە هەردو وەرزی بەهار و پایز، لەبەر ئەمە دەبینین كە دەستیكاری لە ناحیەی خدران زیاترە.

وێنەی (1) ژێرخاكنانی پاشماوەكان لە قەزای دوكان



سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست بە وێنەگرتن بە مۆبایلی تایبەتی خۆی 25-2-2025

خشتەی(5) ژمارەی دەستیكار بۆ كۆكردنەوە و گواستنەوە و لەژێرخاكنانی پاشماوەكان 2025

| بەشەكان | ژمارەی كرێكار | ژمارەی چاودێر | ژمارەی شۆفێر | كارمەندی كارگێری | كۆی گشتی | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شاری دوكان | 42 | 1 | 9 | 3 | 55 | 30.05 |
| بنگرد | 10 | 1 | 2 | 1 | 14 | 7.66 |
| خەلەكان | 14 | 1 | 2 | 1 | 18 | 9.84 |
| پیرەمەگرون | 40 | 1 | 12 | 1 | 54 | 29.5 |
| سورداش | 16 | 1 | 3 | 1 | 21 | 11.48 |
| سەرگەڵو | 9 | 1 | 2 | 1 | 13 | 7.10 |
| خدران | 4 | 1 | 2 | 1 | 8 | 4.37 |
| كۆ | 135 | 7 | 32 | 9 | 183 | 100 |

سەرچاوە:چاوپێكەوتن لەگەڵ بەڕێز(سەركەوت حمەرشید عبدالرحمان) بەڕێوەبەری كۆمپانیای ئانزۆ 9-2-2025 و 25-2-2025.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز(سۆران عسمان عزیز) بەرپرسی ژینگە لەبەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دوکان 25-2-2025.

خشتەی(6) ژمارەی ئامێرە بەکارهێنراوەکان بۆ کۆکردنەوە گواستنەوەو لەژێرخاکنانی پاشماوەکان 2025

| بەشەکان | ژمارەی ئۆتۆمبیلی کەپس | ژمارەی ئۆتۆمبیلی گەلابە و شوفڵ | ژمارەی حاویە | کۆی گشتی ئامێر | % |
|---|---|---|---|---|---|
| شاری دوکان | 4 | 3 | 2 | 9 | 29.03 |
| بنگرد | 1 | 1 | 1 | 3 | 9.68 |
| خەلەکان | 1 | 1 | 1 | 3 | 9.68 |
| پیرەمەگرون | 4 | 3 | 1 | 8 | 25.81 |
| سورداش | 1 | 2 | 1 | 4 | 12.90 |
| سەرگەڵو | 0 | 2 | 0 | 2 | 6.45 |
| خدران | 0 | 2 | 0 | 2 | 6.45 |
| کۆ | 11 | 14 | 6 | 31 | 100 |


سەرچاوە:

-چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (سەرکەوت حمەرشید عبدالرحمان) بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئانزۆ 9-2-2025 و 25-2-2025

-چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز(سۆران عسمان عزیز) بەرپرسی ژینگە لەبەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دوکان 25-2-2025.

کۆی گشتی ئامێرە بەکارهێنراوەکان بۆکۆکردنەوەی گواستنەوە و لەژێرخاکنان بریتییەلە 31 ئامێر لە جۆرەکانی بارهەڵگری کەپس(12م$^3$ و 8+1م$^3$ و 14 م$^3$)و حاویەی14م$^3$ و حاویەهەڵگری 14م$^3$ و گەلابە مامناوەند 5م$^3$ و شۆفڵی ئاسایی و شۆفڵی تایە زنجیر)، زۆرترین ئامێریش لە سەنتەری قەزایە بە ڕێژەی29.03%ی کۆی گشتی ئامێرەکانی قەزاکە، دوای ئەو ناحیەی پیرەمەگرونە بە 25.81%ی کۆی ئامێرەکانی قەزاکە و کەمترین ئامێریش لە ناحیەی خدران و ناوچەی سەرگەڵوە بە 6.45%.

شێوەی (1) کۆی ژمارەی دەستی کار و ئامێرە بەکارهێنراوەکان بۆ کۆکردنەوە گواستنەوەو لەژێرخاکنانی پاشماوەکان 2025




بڕی پاشماوەكان لە جیهاندا ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوندان ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی دانیشتوان زیاد دەكات لەلایەك لەلایەكیترەوە كەرەستەی بەكارهێنانیش بەهۆی تەكنۆلۆژییەوە زیاددەكات، بە وردبونەوە لە خشتەی (6) دەبینین كە لە قەزای دوكان بەهەمان شێوەیە.

خشتەی(7) بڕی پاشماوە ڕەقەكان لە قەزای دوكان(بێجگە لەناحیەی بنگرد و خدران) لە ساڵی 2021- 2024تەن/ ڕۆژانە

| ساڵ | بڕی پاشماوە بە تەن / ڕۆژانە | بڕی زیادبون |
|---|---|---|
| 2021 | 83.845 | - |
| 2022 | 53.730 | 30.115- |
| 2023 | 48.025 | 5.705- |
| 2024 | 79.272 | 31.247 |

سەرچاوە: پشت بەست بە:

-بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەكانی سلێمانی، بەشی ژینگە، داتای بڵاونەكراوە 2020-2024 .

- بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دوكان، بەشی ژینگە. داتای بڵاونەكراوە 2020بۆ 2024.

- بەڕێوەبەری كۆمپانیای ئانزۆ داتای بڵاونەكراوە 2024.

-كاری مەیدانی توێژەران.

لە خشتەی(7) دەبینین کە زۆرترین بڕی کۆکراوەی ناو خشتەکە بڕی کۆکراوەی پاشماوەی ساڵی 2021 کە زیاترە لە 83 تەن/ ڕۆژانە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە ساڵی 2020 بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بەپێی پێویست زۆربەی ناوچەکان پاکنەکرابونەوە (بەتایبەتی پاشماوەی داروتەختە موادی بینا و گژوگیا و پاشماوەکانی تر لە شوێنە کراوەکاندا) ئەمەش بوە هۆی ئەوەی لەساڵی 2021 پاشماوەی 2020یش کۆبکرێتەوە، لە ساڵی 2022دا ئەم بڕە بۆتە زیاتر لە 53 تەن کە کەمترە لە ساڵی پێش تری بە زیاتر لە 30 تەن/ڕۆژانە، لە ساڵی 2023 بڕەکە کەم بۆتەوە بۆ 48.025 تەن کە جیاوازیی زۆر نییە و کەمترە لە 6 تەن، هۆکاری کەمرکردنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمتر خەمی کۆمپانیای ڕێگەپێدراوی کۆکردنەوە و گواستنەوەی پاشماوەکان لەو ساڵەدا کە هەندێ لە ناوچە گەشتیارییەکان ناچاردەبون خۆیان لەناویبەرن (کاری مەیدانی توێژەر،2025)، لە ساڵی 2024 بڕی کۆکردنەوەکە بۆتە زیاتر لە 79 تەن / ڕۆژانە (واتە 31.247 تەن زیاتر لە ساڵی 2023)، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کە بڕەکە زیاددەکات.

جیاکردنەوەی پاشماوەکان بۆ کەرتەکان ئەنجام نادرێت، چونکە حکومەت لە گرێبەستەکەدا ئاماژەی پێنەکردوە، هەر بۆیە بڕی پاشماوەی ماڵان لەگەڵ بازرگانی و پیشەسازی و......هتد، تەنانەت نەخۆشخانەکانیش پاشماوە ئاساییەکانیان تێکەل بە پاشماوەی شوێنە بازرگانییەکان دەکەن و پاشماوە پزیشکییەکانیان (کە تەنها نەخۆشخانەی گشتی دوکان هەیەتی) کورەی تایبەتیان هەیە و بڕی پێویست لە پاشماوەی پزیشکی کۆبوەوە بەکاریدێنن کە فلتەری هەیە و ژینگە پیس ناکات وێنەی (3) (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: د.شێرکۆ احمد وەیسە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی دوکان 2025/2/25)، بەهۆی ئەمەشەوە بڕی فڕێدانی پاشماوە بۆ تاکە کەس لەم قەزایە بریتییەلە لە کۆی گشتی پاشماوەی کۆکراوەی قەزاکە کە لە خشتەی(8) ئاماژەی پێکراوە لە هەر وەرزێك لەوەرزەکاندا بۆ ساڵی 2024.

خشتەی (7) تێکڕای کۆکراوەی پاشماوە بەپێی وەرزەکان و بەرکەوتەی تاکە کەس کغم /ڕۆژانە 2024لە قەزای دوکان

| وەرز | بڕی پاشماوە تەن / ڕۆژانە | تێکڕای تاکە کەس |
|---|---|---|
| هاوین | 58.047 | 0.840 |
| پایز | 114.187 | 1.653 |
| زستان | 42.723 | 0.618 |
| بەهار | 102.133 | 1.478 |
| تێکڕای گشتی قەزا | 79.272 | 1.147 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: 1-بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاماری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری قەزای دوکان، ئاماری بڵاونەکراوەی 2024. 2-بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئانزۆ داتای بڵاونەکراوە 2024. 3 -کاری مەیدانی توێژەران.

وێنەی (3) کورەی لەناوبردنی پاشماوە پزیشکدیەکانی قەزای دوکان (نەخۆشخانەی گشتی شاری دوکان)



سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە وێنەگرتن بە مۆبایلی تایبەتی خۆی 25-2-2025

تێکرای کۆکراوەی ڕۆژانە79.272 تەن کە بۆ تاکەکەس 1.147 کغم، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بەبەراورد بە زۆرێك لە شارەکانی تر لە عێراقدا بە نمونە: تکریت 0.460کغم / ڕۆژانە(العبدریه، خضیر،201: 6) و شاری سلێمانی 0.910کغم /ڕۆژانە(سعید، 2014، 100)، جگەلەمە تێکرای کۆکراوەی ڕۆژانە لە پاشماوە لە نێوان وەرزەکاندا، زۆرترین بڕ لە وەرزی

پایز دایە کە 114.187 تەن/ڕۆژانە کە تێکڕای تاکە کەس دەبێتە 1.653 کغم /ڕۆژانە. و کەمترینیش لە وەرزی زستانە 42.723 تەن/ڕۆژانە و تێکڕای تاکەکەسیش 0.618 کغم / ڕۆژانە.

جۆری ئەم پاشماوانە جیاوازن لە خشتەی(9) خراوەتەڕو.

خشتەی (9) تێکڕای جۆری پاشماوەکان لە قەزای دوکان تەن/ڕۆژانە 2024

| ژ | جۆری پاشماوە | بڕی پاشماوە پایز | % | بڕی پاشماوە زستان | % | بڕی پاشماوە بەهار | % | بڕی پاشماوە هاوین | % | تێکڕای بڕی پاشماوە | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خۆراکی | 9.357 | 8.19 | 10.933 | 25.59 | 9.450 | 9.25 | 14.916 | 25.70 | 11.164 | 14.08 |
| 2 | وەرەقەو کارتۆن | 11.498 | 10.07 | 4.439 | 10.39 | 13.469 | 13.19 | 3.994 | 6.88 | 8.35 | 10.53 |
| 3 | پلاستیك | 37.909 | 33.20 | 9.915 | 23.21 | 34.145 | 33.43 | 17.384 | 29.94 | 24.838 | 31.33 |
| 4 | کانزا | 6.179 | 5.41 | 2.398 | 5.61 | 5.348 | 5.23 | 2.199 | 3.78 | 4.031 | 5.09 |
| 5 | شوشە | 3.618 | 3.16 | 2.635 | 6.16 | 3.958 | 3.87 | 2.569 | 4.43 | 3.195 | 4.03 |
| 6 | پەڕۆ و قوماش | 7.173 | 6.28 | 3.009 | 7.04 | 5.756 | 5.64 | 3.618 | 6.23 | 4.889 | 6.17 |
| 7 | گژوگیا | 16.322 | 14.30 | 1.958 | 4.58 | 15.152 | 14.83 | 2.424 | 4.18 | 8.962 | 11.30 |
| 8 | دار و تەختەو مەوادی بینا | 1.622 | 1.43 | 1.599 | 3.75 | 1.911 | 1.88 | 3.142 | 5.42 | 2.068 | 2.61 |
| 9 | هی تر | 20.509 | 17.96 | 5.837 | 13.67 | 12.944 | 12.68 | 7.801 | 13.44 | 11.772 | 14.86 |
| | کۆی گشتی | 114.187 | 100 | 42.723 | 100 | 102.133 | 100 | 58.047 | 100 | 79.272 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە: 1-بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی، بەشی ژینگە، داتای بڵاونەکراوە 2020-2024، 2- بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دوکان، بەشی ژینگە. داتای بڵاونەکراوە 2020بۆ 2024، 3-بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئانزۆ داتای بڵاونەکراوە 2024، 4- کاری مەیدانی توێژەران.

لە خشتەی (9) بۆمان ڕوندەبێتەوە کەپاشماوە ڕەقەکانی قەزای دوکان جیاکراونەتەوە بۆ هەشت جۆر لەگەڵ هەندێ پاشماوە کە جیاناکرێتەوە، تێکرای ساڵانەیی پاشماوەکان ڕۆژانە 79.272 تەنە، کە زۆرترین ڕێژە لە پاشماوەکان پاشماوەی پلاستیکیەکانە بە 31.33%ی کۆی پاشماوەکان بە پلە دو پاشماوەی خۆراکی دێت بەڕێژەی 14.8%ی کۆی پاشماوەکانی قەزاکە و کەمترینیش لە پاشماوەکان پاشماوەی داروتەختە و کەرەستەی بینایە بە 2.61%ی کۆی پاشماوەکانی قەزاکە.

ڕێژەی جۆری پاشماوەکان لە وەرزەکاندا وەك یەك نییە، لە کاتێکدا لەوەرزی پایزدا زۆرترین پاشماوەکان پلاستیکییە 33.20% کۆی گشتی جۆری پاشماوەکان و کەمترینیش دار وتەختە و مەوادی بینایە 1.42%ی کۆی گشتی پاشماوەکان، بەڵام لە وەرزی زستان زۆرترین پاشماوە خۆراکییە 25.59% و کەمترینیش داروتەختە و مەوادی بینایە بە 3.75%ی کۆی پاشماوەکانە، لەوەرزی بەهار زۆرترینی پاشماوەکان دەبێتەوە پاشماوەی پلاستیکی بە 33.43% و کەمترینیش داروتەختە و مەوادی بینایە بە 1.88%ی کۆی پاشماوەکان، لە وەزری هاوین زۆرترین پاشماوەی پلاستیکییە بەڕێژەی 29.94%ی کۆی پاشماوەکان و کەمترینیش پاشماوەی گژوگیایە بە 4.18%.

### تەوەری سێیەم: کاریگەری پاشماوەکان لەسەر کەرتی گەشتیاری لەسەنتەری قەزای دوکان

لەبەر چڕبونەوەی ناوچە گەشتیارییەکانی قەزاکە توێژەران بەپراکتیکی کاریگەری پاشماوە ڕەقەکانی قەزاکەیان لەسەر کەرتی گەشتیاری ناحیەی سەنتەر وەرگرت، دیارە پاشماوە ڕەقەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشتیار و ناوچە گەشتیارییەکان دەبێت ئەگەر بێت و پلان و ڕێگەی پێوست نەگیرێتەبەر بۆ ئیدارەدانی و دورخستنەوەی کاریگەرییە نەرێنیەکانی، ئەو کاریگەریانەش خۆی دەبینێتەوە لە سێ لایەندا (کۆکردنەوەی پاشماوەکان، گواستنەوەی پاشماوەکان، چارەسەرکردنی پاشماوەکان) وا لێرەدا هەریەك بەجیا باسی دەکەین:

کاریگەری کۆکردنەوەی پاشماوە ڕەقەکان لەسەر کەرتی گەشتیاری: دیارە مانەوەی پاشماوە ڕەقەکان لە شوێنێکدا و کۆنەکردنەوەی ژینگە پیس دەکات، دەبێتە هۆی پیسبونی هەوا (کۆبونەوەی ڤایرۆس و میکرۆب و مێش و مەگەز لەدەوری ئەو پاشماوانە کە هۆکاری بڵاوبونەوەی نەخۆشییە)و پیسبونی بینین بە بینینی ئەو دیاردەیە (کۆبونەوەی پاشماوەکان ڕویەکی ناشیرین دەبەخشێتە ئەو شوێنە)لەلایەکی تر بۆنێکی ناخۆش بڵاودەکاتەوە لەو شوێنە، ئەمەش ئارامی لە خەڵك تێکدەدات، ئەمەش کار یگەرە لەسەر کەرتی گەشتیاری بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ، لەم توێژینەوەیەدا و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی مەیدانی توێژەران دەرکەوت کە کاری کۆکردنەوەی پاشماوەکان کارێکی ڕێکخراو و خێرایە، بەجۆرێك کە تەنها ڕۆژی هەینی نەبێت کۆکردنەوە پاشماوەکان بەئەنجام ناگەیەنرێت (ئەویش بەپێی ڕێنمایەدەکانی شارەوانی قەزای دوکان) تەواوی ڕۆژەکانیتر بەشێوەیەکی ڕێك و پێویست کارەکە ئەنجام دەدەن، ئەو شوێنانەی کە زۆرترین گەشتیار ڕوی تێدەکەن ناحیەی سەنتەر، سورداش، سەرگەڵو- هەمو ڕۆژێك بەشێوەیەکی ڕێکخراو تاکو پاشماوەی تێدا بێت پاشماوەکان کۆدەکرێنەوە، زۆرترین بڕی کۆکراوەی پاشماوە لە ڕۆژانی پێنج شەممەیە (تەنها لە ناحیەی سەنتەری-شاری دوکان-زیاتر لە 65 تەن کۆدەکرێتەوە بەتایبەتی لە هەردو وەرزی بەهار و پایز) و شەممە (تەنها لە ناحیەی سەنتەری-شاری دوکان-زیاتر لە 80 تەن کۆدەکرێتەوە بەتایبەتی لە هەردو وەرزی بەهار و پایز)دایە، ڕۆژەکانی تریش ئاسایی بڕی فرێدراو کۆدەکرێتەوە (کە بە کۆی قەزاکە زیاترە ٧٩تەن / ڕۆژانە)، بەجۆرێك ڕۆژانە دوای ئەوەی کۆمپانیاکە دەستدەکات بە کۆکردنەوەی پاشماوەکان لەهەمو شوێنەکاندا، دوای ئەوە ئەگەر پاشماوە کۆببێتەوە دوبارە کۆمپانیاکە دەگەڕێت و کۆی دەکاتەوە، خۆ ئەگەر کۆمپانیاکە پێنەزانی ئەوا کۆمپانیاکە ژمارە تەلەفۆنی داناوە لای کارمەندان و

ئیدارەی ناوچە گەشتیارییەکان پەیوەندییان پێوەدەکەن و ڕاستەخۆ دەچن بۆ کۆکردنەوەی ئەو پاشماوانە (چاوپێکەوتن لەگەڵ هەریەک لە بەڕێزان هەڵکەوت یوسف بەرپرسی پرۆژەی هەڵکەوتی گەشتیاری وعلی عبدالرحمان بەرپرسی کۆمەڵگای قەشقۆڵی، ٢٥ -٢-٢٠٢٥).

بەنمونە ژێر کەپرەکانی هەردو لای ڕوباری زێی بچوك لە دوای بەنداوەکە ڕۆژ هەیە زیاتر لە 9 جار ئۆتۆمبێلی کەپس دەڕوات و پاشماوەی لێکۆدەکاتەوە کە ڕۆژی ئاسایی ئەو ئۆتۆمبێلە جارێك دەچێت بۆ کۆکردنەوەی پاشماوە (بەتایبەتی لەوەرزی زستاندا)، بەهەمان شێوە ڕۆژانی بۆنەکان بەتایبەتی بۆنەی نەورۆز(سەری ساڵی کوردی) لە شاری دوکان بۆ ماوەی زیاتر لە 5 ڕۆژ لەو ناوچە گەشتیاریانە ڕۆژانە زیاتر لە 60 تەن کۆدەکرێتەوە، ئەمانە هەموی هۆکارن بۆ ئەوەی کە ناوچە گەشتیارییەکان بە پاك و خاوێنی بمێننەوە و گەشتیار لە تەواوی پارێزگاکانی عێراقەوە بۆ گەشت ئەم ناوچە هەڵبژێرن کە ساڵانە بەنزیکەی (١٠٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن گەشتیار ڕودەکەنە ئەم ناوچە گەشتیاریە، هەروەها نزیکەی (٤٥-٥٠)هەزار گەشتیار لەمیوانخانەکانی دەمێننەوە.(چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ڕێژین ڕەوف بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری دوکان).

کاریگەری گواستنەوەی پاشماوەکان لەسەر کەرتی گەشتیاری: وەك پێشتر خرایەڕو ئۆتۆمۆبیلی کەپس بەکاردێت بۆ کۆکردنەوە و گواستنەوەی پاشماوەکان، گواستنەوەی پاشماوەکان لەڕێگەی ئەم ئۆتۆمبیلانەوە کارێکی باشە، چونکە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی داپۆشینی پاشماوەکە (پیش بونی بینین ڕونادات) لەلایەکیترەوە دەبێتە هۆی ئەوەی بۆنی ناخۆشی کپ بکات (تاڕادەیەکی زۆر)و لەکاتی گواستنەوە بۆن و شمەکە فڕێدراوەکان بڵاونەبێتەوە لەسەر شەقامەکاندا، هەرچەندە بونی ئاوێکی زۆر لەناو ئەم پاشماوانەدا زۆرجار دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی بۆن و ڕژانی ئاوەکە بەسەر شەقامەکاندا (ئیدارەی ناوچە گەشتیارییەکان لەم حاڵەتە ئاگادارن، کار لەسەر ئەوە دەکەن، کە کەمترین تێکەڵبونی ئاو لەگەڵ پاشماوەکان ڕوبدات) ئەمەش بەزۆری لەوەرزی زستاندا ڕودەدات کە وەرزی باران و شێیە و گەشتیاریش کەمە.

کاریگەری چارەسەری پاشماوە ڕەقەکان لەسەر کەرتی گەشتیاری: ئەم چارەسەرەی ئێستا بۆ پاشماوە ڕەقەکان لە قەزاکە گرفتێکە کە کاریگەری لەسەر کەرتی گەشتیاری ناوچەکە هەیە، چونکە چارەسەرەکە تەنها لەژێرخاکنانی پاشماوەکانە ئەویش لە ناوچەیەك کە لە باکوری خۆرئاوای شاری دوکانە کە مەڵبەندی گەشتیاری قەزاکەیە نەخشەی (3)، لەلایەك گرفت بۆ خاك و ئاوی ناوچەکە دروست دەکات، لەلایەکی دی لە وەرزی هاوین گڕدەگرێت، ئەم ئاگرگرتنە زۆرجار بەهۆی ناشارەزایی کارمەندان و خەڵکی نزیك ئەو ناوچانەیە کە ژێرخاکنانەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، هەندێ جاریش بەهۆی بەرزی پلەی گەرماو دروستبونی گازی میسانە لەئەنجامی تێکەڵاو بون و پەستانی ئەو پاشماوانە (ئەم گازە گازێکە سوکترە لە غازی بەکارهێنانی ناوماڵ و زو ئاگر دەگرێت) ئەم سوتانەی پاشماوەکان، ئاراستەی دوکەڵەکەی بەهۆی ئاراستەی باوە بەرەو ناو شاری دوکان و ناوچە گەشتیاریدەکانە، ئەمەش هۆکارێکی بێزارکەری دانیشتوان و گەشتیاری و نەخۆشی ناوچەکەیە ساڵانە چەند جارێك دوبارەدەبێتەوە، کە لەهاوینی ساڵی ڕابردو تەنها جارێك ڕویداوە (لەکاتێکدا ساڵانی ڕابردو چەند جارێك ڕویدەدا)بەرپرسە کارگێڕییەکانی ئەم کەرتە هەوڵەکانیان چڕکردۆتەوە بۆ کەمکردنەوەی و نەهێشتنی ئەم حاڵەتە.

چاودێرانی شارەوانی بەردەوامن لەسەر چاودێریکردنی کاری کۆکردنەوە و گواستنەوە و چارەسەرکردنی پاشماوەکان، بەپێی ڕێنماییەکانی شارەوانی هەر کەمتەرخەمیەك لە کاری کۆکردنەوە، گواستنەوە، چارەسەری پاشماوەکان ببینن، ڕاستەخۆ دەیکەنە ڕاپۆرت و پێپژاردنی لەسەر دەنوسن، مانگانە لەکۆی ئەو پارەیەی کە حکومەت دەیداتە کۆمپانیاکە ئەو

پێژاردنە دەبرڕدرێت، لە ئێستەدا کۆی ئەم پێژاردنانە لە هەندێ مانگدا نزیك دەبێتەوە لە 3 ملیۆن دیناری عێراقی، بە تێکرا 2 ملیۆن کەمترنییە، لە کۆمپانیای ڕابردودا زۆر زیاتر بوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسی ژینگە لە شارەوانی دوکان 2025/2/25).

تەوەری چوارەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردە

دەرئەنجام:

1- پاشماوە ڕەقەکانی قەزای دوکان لەلایەن بەشی ژینگەی شارەوانی قەزای دوکان سەرپەرشتی دەکرێت و چاودێری دەکرێت کە بەگرێبەست دراوە بە کۆمپانیای (ئانزۆ کۆنسترەکشن)، ڕۆژانە(جگە لەڕۆژی هەینی) پاشماوەی هەمو کەرتەکان کۆدەکاتەوە و دەیگوازێتەوە بۆ شوێنی تایبەت لە(باکوری خۆرئاوای شاری دوکان)بۆ چارەسەرکردنی کە چارەسەرکردنەکە تەنها ژێرخاك نانی پاشماوەکانە، کاری کۆکردنەوە و گواستنەوە و چارەسەکردنەکە لەلایەن ئەم کۆمپانیاوە بە(185) دەستیکار بەڕێوەدەچێت، بەرزترین ڕێژەی دەستیکار لە قەزای سەنتەرە (شاری دوکان) 30.05% دوای ئەو لە ناحیەی پیرەمەگرون بە 29.5% و کەمترین دەستیکاریش لە ناحیەی خدران بە 4.37% دەستیکارە،کۆی گشتی ئامێرە بەکارهێنراوەکان بۆ کۆکردنەوەی گواستنەوە و لەژێرخاکنان بریتییەلە 31 ئامێری جۆر بەجۆرە (بارهەڵگری کەپس(12م$^3$ و 8+1م$^3$ و 14 م$^3$)و حاویەی14م$^3$ و حاویەهەڵگری 14م$^3$ و گەڵابە مامناوەند 5 م$^3$ و شۆفڵی ئاسایی و شۆفڵی تایە زنجیر)، زۆرترین ئامێریش لە سەنتەری قەزایە.

2- بڕی کۆکراوەی پاشماوە زیاددەکات، ساڵی 2021 زیاترە لە 83 تەن/ ڕۆژانە، زۆرترین بڕی داتا وەرگیراوەکانە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە ساڵی 2020 بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بەپێی پێویست زۆربەی ناوچەکان پاکنەکرابونەوە، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی لەساڵی 2021 پاشماوەی 2020یش کۆبکرێتەوە، لە ساڵی 2022دا ئەم برە بۆتە زیاتر لە 53 تەن کە کەمترە لە ساڵی پێش تری بە زیاتر لە 30 تەن/ڕۆژانە، لە ساڵی 2023 بڕەکە کەم بۆتەوە بۆ 48.025 تەن کە جیاوازیی زۆر نییە و کەمترە لە 6 تەن، هۆکاری کەمکردنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمتر خەمی کۆمپانیای ڕێگەپێدراوی ئەو ساڵە لە کۆکردنەوەی پاشماوەکان، لە ساڵی 2024 بڕی کۆکردنەوەکە بۆتە زیاتر لە 79 تەن/ڕۆژانە (واتە 31.247 تەن زیاتر لە ساڵی 2023).

3- بڕی فرێدانی پاشماوە بۆ تاکە کەس لەم قەزایە بریتییەلە لە کۆی گشتی پاشماوەی کۆکرداوەی قەزاکە کە 1.147 کغم تاکەکەس/ڕۆژانە، ئەمەش بڕێکی زۆرە بەبەراورد بە زۆرێك لە شارەکانی تری عێراق، بە نمونە: تکریت 0.460کغم / ڕۆژانە، و شاری سلێمانی 0.910کغم/ڕۆژانە، ئەم تێکرایە بەپێی وەرزەکان دەگۆڕێت، زۆرترین لە وەرزی پایز دەبێتە 1.653 کغم /ڕۆژانە و کەمترین لە وەرزی زستانە 0.618 کغم / ڕۆژانە.

4- پاشماوە ڕەقەکانی قەزای دوکان جیاکراونەتەوە بۆ هەشت جۆر لەگەڵ هەندێ پاشماوە کە جیاناکرێتەوە، زۆرترین ڕێژە لە پاشماوەکان پاشماوەی پلاستیکیەکانە بە 31.33%ی کۆی پاشماوەکان بە پلە دو پاشماوەی خۆراکی دێت بەڕێژەی 14.8%ی کۆی پاشماوەکانی قەزاکە و کەمترینیش لە پاشماوەکان پاشماوەی داروتەختە و مەوادی بینایە بە 2.61%ی کۆی پاشماوەکانی قەزاکە، لە وەرزەکاندا وەك یەك نییە، لە کاتێکدا لەوەرزی پایزدا زۆرترین پاشماوەکان پلاستیکییە 33.20% کۆی گشتی جۆری پاشماوەکان و کەمترینیش داروتەختە و کەرەستەی بینایە 1.42%ی کۆی گشتی پاشماوەکان، بەڵام لەوەرزی زستان زۆرترین پاشماوە خۆراکییە 25.59% و کەمترینیش داروتەختە و مەوادی بینایە بە

3.75%ی کۆی پاشماوەکانە، لەوەرزی بەهار زۆرترینی پاشماوەکان دەبێتەوە پاشماوەی پلاستیکی بە 33.43% و کەمترینیش داروتەختە و مەوادی بینایە بە 1.88%ی کۆی پاشماوەکان، لە وەزری هاوین زۆرترین پاشماوەی پلاستیکییە بەڕێژەی 29.94%ی کۆی پاشماوەکان و کەمترینیش پاشماوەی گژوگیایە بە 4.18%.

5- بەپێی لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی مەیدانی توێژەران، کۆکردنەوەی پاشماوە ڕەقەکان کاریگەری نەرێنی نییە لەسەر کەرتی گەشتیاری، ئەمەش بەهۆی چاودێری وردی بەشی ژینگەی شارەوانی و کاری بەردەوام و ڕێکخراوەیی کۆمپانیای ئانزۆ لەکۆکردنەوەی پاشماوەکان، کارەکە کارێکی ڕێکخراو و خێرایە، بەجۆرێك کە تەنها ڕۆژی هەینی نەبێت کۆکردنەوە پاشماوەکان بەئەنجام ناگەیەنرێت (ئەویش بەپێی ڕێنماییەکانی شارەوانی قەزای دوکان) تەواوی ڕۆژەکانیتر بەشێوەیەکی ڕێك و پێویست کارەکە ئەنجام دەدەن.

6- ئەو شوێنانەی کە زۆرترین گەشتیار ڕوی تێدەکەن سەنتەری شاری دوکان، سورداش، سەرگەڵو، لەم شوێنانە هەمو ڕۆژێك بەشێوەیەکی ڕێکخراو تاکو پاشماوەی تێدا بێت پاشماوەکان کۆدەکرێنەوە، زۆرترین بڕی کۆکراوەی پاشماوە لە ڕۆژانی پێنج شەممەیە (تەنها لە سەنتەری قەزا (شاری دوکان) زیاتر لە 65 تەن کۆدەکرێتەوە بەتایبەتی لە هەردو وەرزی بەهار و پایز) و شەمە (تەنها لە سەنتەری قەزا-شاری دوکان-زیاتر لە 80 تەن کۆدەکرێتەوە بەتایبەتی لە هەردو وەرزی بەهار و پایز) دایە، ڕۆژەکانی تریش ئاسایی بڕی فڕێدراو کۆدەکرێتەوە(کە بە کۆی قەزاکە زیاترە 57تەن / ڕۆژانە)، بەجۆرێك ڕۆژانە دوای ئەوەی کۆمپانیاکە دەستدەکات بە کۆکردنەوەی پاشماوەکان لەهەمو شوێنەکاندا، ئەگەر پاشماوە کۆببێتەوە دوبارە کۆمپانیاکە دەگەڕێت و کۆی دەکاتەوە، خۆ ئەگەر شوێنێك پاشماوەی تێدا کۆبێتەوە ئەوا کۆمپانیاکە ژمارە مۆبایلی داناوە لای کارمەندان و ئیدارەی ناوچە گەشتیارییەکان پەیوەندیان پێوەدەکەن و ڕاستەخۆ دەچن بۆ کۆکردنەوەی ئەو پاشماوانە.

7- بەهۆی بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبیلی کەپس بۆ گواستنەوەی پاشماوەکان، گواستنەوەی پاشماوە ڕەقەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشتوگوزار نابێت، بەجۆرێك کە پیسبونی بینین ڕونادات، بۆنی ناخۆشی کپ دەکات (تاڕادەیەکی زۆر) و لەکاتی گواستنەوە بۆن و شمەکە فڕێدراوەکان بڵاونەبێتەوە لەسەر شەقامەکاندا، هەرچەندە بونی ئاوێکی زۆر لەناو ئەم پاشماوانەدا زۆر جار دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی بۆن و ڕژانی ئاوەکە بەسەر شەقامەکاندا(ئیدارەی ناوچە گەشتیارییەکان لەم حاڵەتە ئاگادارکراونەتەوە کار لەسەر ئەوە دەکەن کە کەمترین تێکەڵبونی ئاو لەگەڵ پاشماوەکان ڕوبدات)، ئەمەش بەزۆری لەوەرزی زستاندا ڕودەدات کە وەرزی باران و شێ یە و ژمارەی گەشتیار کەمە.

8- چارەسەری پاشماوە ڕەقەکان کاریگەری لەسەر کەرتی گەشتیاری ناوچەکە هەیە، چونکە چارەسەرەکە تەنها لەژێرخاکنانی پاشماوەکانە، لەلایەك گرفت بۆ خاك و ئاوی ناوچەکە دروست دەکات، لەلایەکی دی لە وەرزی هاوین ئاگر دەگرێت، ئەم ئاگر گرتنەش زۆرجار بەهۆی ناشارەزایی کارمەندان و خەڵکی نزیك ئەو ناوچانەیە کە تیایدا لەژێرخاك دەنرێت، هەندێ جاریش بەهۆی بەرزی پلەی گەرماو دروستبونی گازی میسانە لەئەنجامی تێکەڵاوبون و پەستانی ئەو پاشماوانە (ئەم گازە گازێکە سوکترە لە غازی بەکارهێنانی ناوماڵ و زو گڕدەگرێت) ئەم سوتانەی پاشماوەکان ئاراستەی دوکەڵەکەی بەهۆی ئاراستەی باوە بەرەو ناو شاری دوکان و ناوچە گەشتیارییەکان دەڕوات ئەمەش هۆکارێکی بێزارکەری دانیشتوان و گەشتیاری و نەخۆشی ناوچەکەیە ساڵانە چەند جارێك دوبارە دەبێتەوە، کە لەهاوینی ساڵی ڕابردووەوە تەنها جارێك ڕویداوە (لەکاتێکدا ساڵانی ڕابردو چەند جارێك ڕویدەدا)، دەستەی کارگێڕی ئەم کەرتە هەوڵەکانیان چڕکردۆتەوە بۆ کەمکردنەوەی و نەهێشتنی ئەم حاڵەتە.

ڕاسپاردەی توێژینەوەکە برتییە لەم چەند خاڵەی خوارەوە:

1- هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ڕودانی سوتانی پاشماوە ڕەقەکان کە کاریگەرە لەسەر گەرتی گەشتیاری.

2- هەوڵدان بۆ تەرنەکردنی پاشماوە ڕەقەکان، چونکە لەکاتی گواستنەوەدا کێشەی ڕژانی ئەو ئاو ڕودەدات کە پیسبون دەنێتەوە و دەبێتە گرفت بۆ ناوچە گەشتیارییەکان.

3- هۆشیارکردنەوەی دانیشتوان و گەشتیار لەکەمترکردنەوەی پاشماوە بۆ ئەوەی بەهەدەردان زیاتر نەبێت، چونکە زۆرترین بڕی پاشماوەکان پاشماوەی پلاستیکییە کە دەگونجێت بە هۆشیارکردنەوەی دانیشتوان (لە گرفتەکانی چارەسەری پلاستیکی بەم ژێرخاکنانە) بڕەکەی کەمبکات.

4- پاشماوە ڕەقەکان بە سەرچاوەی کەرەستەی خاو دادەنرێن، پێوستە هەوڵبدرێت لەم قەزایە چەند پیشەسازییەکی بچوك بۆ ئەو بابەتانەی کە پێوستی گەشتیارین یاخود بەکارهێنانی ڕۆژانەیین لەم سەرچاوەی پاشماوە ڕەقانە بنیادبنرێت، لە خستنەڕوی بڕ و جۆری پاشماوەکان بۆمان دەرکەوت کە تێکڕای ڕێژەی زۆری پاشماوەکان پلاستیکییە (31.33%) کە 24 تەن ڕۆژانە زیاترە، ئەمە لەکاتێکدا لە بەهار و پایزدا زیاترە لە 33 تەن ڕ ۆژانەیە ئەمە بەپێی جۆری پلاستیکەکە دەتوانرێت کاری لەسەر بکرێت، بەهەمان شێوە بۆ جۆرەکانی تر کە کەرەستەکانی دروستکردنی چەندین پیشەسازی بچوك و پێویستن وەك شوشە و وەرەقە و مقەبا و کانزاییەکان و .... هتد، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بڕی لەژێرخاك خان و تێچوی ئیدارەدانی بۆ حکومەت، سەلمێنراوە دەوڵەتان بۆ کۆکردنەوە و گواستنەوە و چارەسەرکردنی پاشماوەکان بەم شێوەیەی ئێستا کەلەقەزای دوکان بەئەنجام دەگەیەنرێت پارەیەکی ئێجگار زۆری بەهەدەردەدەن کە 60%ی کۆی مەسرەفی وەزارەتی شارەوانییەکانە(سعید،2014: 14)

سەرچاوەکان:


هاوڕێ یاسین ئەمین(2014)، لێکۆلینەوەیەك لەجوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی سێیەم، ناوەندی غەزەلنوس، سلێمانی.

ڕ شید، شەپۆل بهمن (2016)، کاریگەری ڕەگەزە ئاووهەواییەکان لەسەر دابەشبونی جوگرافی ڕوەکی سروشتی لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەرین.

هاوڕی پێشرەو توفیق (2022)، شیکاری جوگرافی هەڵبەزودابەزی ئاووهەوایی و کاریگەری لەسەر دیاردەی وشکی لە قەزای دوکان (لێکۆڵینەوەیەک لە ئاووهەوای پراکتیکی) نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی کۆیە / فەکەلتی پەروەردە.

هەورامان کەمال میزا عبداللە (2023)، گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوانبونی ڕوبەری شاری دوکان و سید صادق (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە جوگرافیای شار)، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

هێمن حسین اسماعیل (2015)، توانستە ئاووهەواییەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ

(لێکۆڵینەوهیەك لەئاووهەوایی پراکتیکی) نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەریەتی گشتی شارەوانی پارێزگای سلێمانی، بەشی ژینگە، داتای بڵاو نەکراوە. 2020-2024 .

بەڕێوەبەریەتی شارەوانی قەزای دوکان، بەشی ژینگە، داتای بڵاونەکراوە 2024.

بەڕێوەبەرایەتی ئاماری قەزای دوکان، داتای بڵاو نەکراوە 2024 .

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پیشەسازی و بازرگانی سلێمانی، ئاماری کانونی دوەمی 2024 بڵاونەکراوە .

یەکیەتی پیشەیازیەکانی کوردستان لقی سلێمانی، داتای ئاماری پیشەسازیەکان٢٠٢٤.

خصباك، شاكر(2005) الاكراد دراسه جغرافيه اثنوغرافيه، طبعة الاولى، دار العربية للموسوعات، بيروت، لبنان.

الخزرجي، طه مصحب حسين(2006)، التوزيع المكاني لاستعمالات الأرض الحضرية لمركز قضاء الدجيل، رسالة ماجستير، غير منشوره، كلية التربية–ابن رشد– جامعة بغداد

مطيع يوسف محمد قيصي (2000)، دراسة في الجغرافية السياحية في منطقة أريحا و البحر الميت، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية.

سعيد، فواد خالد (2014)، النفايات الصلبه (المنزليه و التجاريه ) في مدينه السليمانيه ولإمكانيه تدويرها من ناحيه الصناعيه، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

زينب محمد ابريداف الفرجاني، عبد الرحيم عبدالله فرج الغيثي، النفايات المنزلية الصلبة وأثرها على السياحة ببلدية شحات، مجلة كلية التربية جامعة سرت، المجلد(1) العدد(1) يناير2022 .

المشاريع الصغيرة و المتوسطة في مجال إعادة تدوير تدوير المخلفات الصلبة في بعض الدول العربية، 2021، من منشورات جمعيه الكويتيه لحمايه البيبئه مع الصندوق العربي الإنماء الاقتصادي و الإجتماعي.

العبربة، وليد محمد شيت، خضير، حنين أحمد(2012) إنتاج النفايات الصلبة المنزلية في مدينة تكريت وتأثير حجم الأسرة ومستوى الدخل على معدل الإنتاج، مجلة تكريت للعلوم الهندسية/المجلد 19 /العدد 4/ كانون الأول 2012.

عالية جواد محمد علي. شكرية عبود عمران، مدى تطبيق استراتيجية ادراة النفايات الصلبة في مدينة بعقوبة - بحث استطلاعي، Journal of Economic and Administrative Sciences (JEAS)Vol.26(NO119)2020 PP261-282

[1] لە 1 / 5 / 2024 وە گرێبەتی هەیە و بەردەوامە لەکارەکەی .

[2] ئەم کارمەندانە چاودێری کارەکانی کۆمپانیاکە دەکەن و بەپێی  ئەو یاسا و بڕیارانە کە لەبەردەستیاندایە ئەگەر سەرپێچیەك ببینین لە کرێکاران و کارمەندان و کارەکانی کۆمپانیاکە سەرپێچیەکە دەنوسن و ئەو سەرپێچیەش غرامەی لەسەرە بە پارە، کۆی پارەی غرامەکە  بۆ هەرمانگێك کۆدەکرێتەوە و لە کۆی پارەی حکومەت بە کۆمپانیاکە دەبڕێت.

[3] پاشماوەکانی ناحیەی بنگرد و خدران دەبرێت بۆ قەزای ڕانیە لەبەرئەوەی کە لەشوێنی ژێرخاکنانی ڕانیە نزیکن، ناحیەی پیرەمەگرون لەدەرەوەی سەنتەری ناحیەکە شوێنیان بۆ ئامادەکردوە و لەژێرخاکی دەنێێن.